# حەسەن گێڵدەرەیی

ناوی (حەسەن مەحموود حەمەکەریم حەمەئەمین گێڵدەرەی)یە، لە بنەچەدا خەڵکی دێی (ڕوار)ی ناوچەی هەورامانی سەختن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی (١٩٥٥ز) لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە.

ساڵی (١٩٦١ز) خراوەتە بەر خوێندن، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی (پەڕۆ، سیروان، تەقەدوم، حەمدون-تەقەدومی کۆن-) تەواوکردووە، ساڵی (١٩٧٠ز) چووەتە (ناوەندی شارەزوور) و دواتر تاقیکردنەوەی پۆلی سێی ناوەندی لە شارۆچکەی تەوێڵە ئەنجامداوە.

ساڵی (١٩٧٦ز) دەچێتە (دار المعلمین) لە سلێمانی و دوای تەواوکردنی ساڵی (١٩٧٨ز) بە مامۆستا دامەزرێت لە دێی (هەولۆ) لە چوارتای سەر بە پارێزگای سلێمانی.

لە نێوان ساڵانی (١٩٨٣ز) تا خانەنشین بونی لە ساڵی (١٩٩٨ز) وەك مامۆستا و بەڕێوبەر لەم قوتابخانانە ئەرکی مامۆستایی بەجێگەیاندووە: (قوتابخانەی کانیاو لە شانەدەری سەیدساق، قوتابخانەی دێی باوەکۆچەك، قوتابخانەی تەئمیمی عەرەبی لە هەڵەبجە، قوتابخانەی بێکەس و ئیبراهیم پاشا لە سلێمانی)[1].

پاش چوار ساڵ لە خانەنشین بوونی دەگەڕێتەوە بۆ کاری مامۆستایی لە قوتابخانەی (مامە یارە) لە سلێمانی دەست بە پیشەکەی دەکاتەوە، دوای ساڵێك و لە (٢٠٠٣)دا دەچێتە کولیەی تربیەی مەفتوحە لە کرکوك، ساڵی (٢٠٠٩ز) تەواوی دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە مێژوودا پێدەدرێت.

ئێستا مامۆستایە لە ناوەندی مەستورە لە شاری سلێمانی، لە پاڵ بە جێگەیاندنی ئەرکەکەیدا لە نووسین دانەبڕاوە و چەندین نوسین و بابەتی هەیە دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان.

زیاد لە پێنج سەد بابەتی ئەدەبی و مێژوویی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و دەرەوەدا بلاْوکراوەتەوە، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و خوێندنەوەی ڕۆژانە و چەندین کەشکۆڵی شیعر و چیرۆکی هەبووە، لەسەرەتای هەشتاکانەوە کۆمەڵێك چیرۆکی لە گۆڤارەکانی پەیامی ڕاستی و ڕامان و بانگی حەق بلاْوکراوەتەوە، ساڵی (١٩٩٢ز) بەشداری دەمەزراندنی (کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان) بووە.

---

[1] پچڕ پچڕی و دواکەوتن لە تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن و جێگۆڕکێ لە بەڕێوبردنی ئەرکی مامۆستایەتی بۆ مامۆستا حەسەن و هاوسەردەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و ناجێگیربونی بارودۆخی ئابوری ئەوکات.
لە تەمەنیدا شەش جار فیرار بووە، کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕەوە ملیۆنیەکەی ساڵی (١٩٩١ز) بینیوە، سەرباز بووە لە کرکوك و تانجەرۆو مخمورو شاخی شەمێران و هەڵەبجەو تەوێڵە.

ساڵی (١٩٩٤ز) لە گەڵ چەند نووسەرێك گۆڤاری (پەیامی ڕاستی)یان دەرکردووە، سەرنووسەری گۆڤاری (مامە یارە) بووە، ساڵی (٢٠٠٢ز) بە ئەندامی (کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کوردی) هەڵبـژێردراوە، ساڵی (١٩٩٩ز) بەشداربووە لە دامەزراندنی (یانەی قەڵەم)، ئەندامی دامەزرێنەر و ئەندامی کارایە لە (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان).

ساڵی (٢٠٠٥ز) لەگەڵ چەند نووسەرێك سەنتەرێکی چاپ و بلاْوکراوە دادەمەزرێنن بە ناوی (تیشك)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی تانە لە ئیسلام دەدەن، لە ماوەی تەمەنی دەزگاکەدا سەد کتێبیان بەچاپ گەیاندووە و دەیان چالاکی ڕۆشنبیریان هەبووە.

## بەرهەمەکانی:

### أ- دانراوەکانی:

١. (کوردستان لانکی دووەمی مرۆڤایەتی)[٢].
٢. (محەممەد ناسراوترین کەسایەتی مێژوو)[٣].
٣. (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا)[٤].
٤. (فەتحی ناوچە کوردییەکان بە ئاشتی بووە یان بە شەڕ؟)[٥].
٥. (مەلا ئیدریسی بدلیسی ڕۆڵی لە یەکگرتنی میرنشینە کوردیەکاندا)[٦].
٦. (فەتواکەی مەلای خەتێ)[٧].
٧. وەرگێڕانی: (دیمقراطیة بلا حجاب)، نووسینی: (مەڕوە سەفا قواقچی)، بە ناونیشانی: (دیموکراسی بەبێ حیجاب)[٨].

---

[٢] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٦٩ لاپەڕە، شڤان، سلێمانی/عێراق ٢٠١٤ز.
[٣] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٥٠٥ لاپەڕە، ڕێ نوێ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٠ز.
[٤] چاپکراوە، چاپی حەوتەم: ٦٦٤ لاپەڕە، گەشە، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨ز.
[٥] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٣٨ لاپەڕە، شڤان، سلێمانی/عێراق ٢٠١٢ز.
[٦] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٦٢ لاپەڕە، چوارچرا، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٨ز.
[٧] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٩٩ لاپەڕە، چوارچرا، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٦ز.
[٨] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٧٢ لاپەڕە، سیما، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٩ز.

**ب-ناميلكە بڵاوكراوەكانی:**

١. (**كابانی كوردی**)، مێژوو[٩].

٢. (**شاییەكەی شەلەمچە**) چیرۆك[١٠].

٣. (**دوو پشكۆی یەك ئاگر**)، چیرۆك[١١].

٤. (**یەك هەنگاو كورتترین ڕێیە**)، چیرۆك[١٢].

٥. (**سوپای ئیسلام دەگاتە سنووری كوردستان**)، مێژوو[١٣].

٦. (**كاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا**)، مێژوو[١٤].

٧. (**ئایینی كورد لە تۆفانی نوحەوە تا سەرەتای ئیسلام**)، مێژوو[١٥].

٨. (**لە مەدینەوە بۆ مەدائن-ڕوخاندنی دەوڵەتی فارس و حەوانەوەی كوردەكان-**)، مێژوو[١٦].

٩. (**كوردستان لە دەوڵەتی "ماد"ەوە بۆ دەوڵەتی "مەدینە" ٨٣٥ پێش زایین-٦١٢ پاش زایین**)، مێژوو[١٧].

**ت- بەشێك لە چیرۆكەكانی كە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا بڵاوكراونەتەوە:**

**١- چیرۆكە بڵاوكراوەكانی لە گۆڤاری پەیامی ڕاستیدا:**

*( **وانەیەك لە مێرووڵەیەكەوە** )، **لە ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ز دا بڵاوكراوەتەوە.**

*( **دایە مەنیج** )، **ژمارە ( ٤ ) ساڵی ١٩٩٣ز.**

*( **موفلیس** )، **ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ١٩٩٣ز.**

*( **بۆری** )، **ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ١٩٩٣ز.**

*( **نامەیەكی داخراو** )، **ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ١٩٩٣ز.**

*( **خەیاڵ و خوێن** )، **ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ١٩٩٣ز.**

*( **تاك لە كۆمەڵگەدا دەمەبێت** )، **ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ١٩٩٣ز.**

*( **گەشتێك بەرەو سەقەر** )، **ژمارە ( ٢٥ )ی ساڵی ١٩٩٤ز.**

---

[٩] چاپكراوە، چاپی یەكەم: ٣٤ لاپەڕە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٧ز.

[١٠] چاپكراوە، چاپی یەكەم: ١١ لاپەڕە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٢ز.

[١١] چاپكراوە، چاپی یەكەم: ١٧ لاپەڕە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٢ز.

[١٢] چاپكراوە، چاپی یەكەم: لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٢ز.

[١٣] چاپكراوە، چاپی یەكەم: ٣٧ لاپەڕە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٧ز.

[١٤] چاپكراوە، چاپی یەكەم: لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٨ز.

[١٥] چاپكراوە، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٧ز.

[١٦] چاپكراوە، چاپی یەكەم: ٥٣ لاپەڕە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٧ز.

[١٧] چاپكراوە، چاپی شەشەم: ٢١ لاپەڕە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی كوردستان، سلێمانی/عێراق ١٩٩٨ز.

*( ترس و ژان و مژده )، ژماره ( ٢٧ )ی ساڵی ١٩٩٥ز.

*( دەروونی سەرۆك )، ژماره ( ٤٤ )ی ساڵی ١٩٩٥ز.

٢- چیرۆکە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤاری بانگی حەق:

*( بۆیلەر )، ژماره ( ٨ ) ساڵی ١٩٩٣ز.

## بەرهەمەکانی کە ئامادەی چاپن یان بەردەوامە لە تەواکردنیان:

١. من و دایکم ( ژیاننامەی بنەماڵە ).
٢. کێ شیعری ( هورمزگان )ی دروستکرد.
٣. کۆماری مهاباد هۆی ڕوخانی.
٤. دەوڵەتی مەلیك مەحمود لە سلێمانی.
٥. کورد لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیددا.
٦. کورد لە سەردەمی خەلیفەکانی ئەمەویدا.
٧. کورد لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسیدا.
٨. کورد لە سەردەمی خەلیفەکانی عوسمانیدا.
٩. مێژووی بێداری ئیسلامی لە کوردستاندا.
١٠. دەوڵەتی یەکگرتوی سەرانسەری کوردستان.
١١. بۆچی دەوڵەتێکی کورد یمان نییە؟
١٢. هۆزی جاف لە هەڵە بجە-مێژووی هەڵبجە-.
١٣. ئەبول وەفای پوشێنی-یەکەم تەریقەی تەسەوف لە کوردستان-.
١٤. تیشکی ڕێ-ڕۆمان-.
١٥. بەلهارزیا-ڕۆمان-.

**سەرچاوە:**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسێنراو مامۆستا ( حەسەن گێڵدەرەیی ) لە ماڵی خۆی لە گەڕکی برایم پاشا سەر بە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/٢/١٧ز ) کاتژمێر چواری عەسر.

٢- سیڤیەکی ناسێنراو لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی، لە ڕێگەی مەسنجەر بەدەستم گەیشت لە لایەن ناسێنراوەوە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٢ز ، پارێزراوە لە ئەرشیفدا.

ئامادەکردن : احسان ابراهیم